

# بەسەرهاتی ژنێک لە مانگی هەنگوینیدا

هیــواو خۆزگەکانی مرۆڤ بێ ســنوورن و بە هیــچ رووپێوێك نا پێورێت، بەتایبەتی هیوا و خۆزگەی دوو کەسی عاشق، هیوا و ئاواتی زۆر گەورەن، خۆشەویستیش سامانێکی زۆر بە نرخە بەتایبەت ئەگەر هەردوو خۆشەویست بەڕاســتگۆیی و دڵپاکی یەکتریان خۆش بووێت و هەوڵی بە یەکتر گەیشتن بدەن.

(بێلان) دەڵێت: کاتێك قوتابی زانکۆ بووم لەگەڵ دنیای خۆشەویستی (سامان) تێکەڵ بووم و دەشمزانی ئەم دنیایە پڕە لە ترسی ئەژدێها و هەردەم سێدارەی مەرگ بۆ کەســانی عاشــق حارز و ئامادەکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا دنیای خۆشەویســتیم گەلــێ لە دنیای ترس و لە ســێدارە دان بە گەورە تر دەزانــی، کاتێك قۆناخی زانکۆم تەواوکرد، لەگەڵ (ســامان) بڕیارماندا بۆ پێکەوە ژیانێکی هەمیشــەیی هەوڵ بدەین و بۆ دروســتکردنی ماڵێکی خنجیلانە هەنگاوەکانمان هەڵنێین، ئەوەبوو (ســامان) زۆر بە ئاسایی دەستی بە هەنگاونان نا بەرەو خۆزگە و ئاواتەکان، ســەرەتا دایکی و خوشکی نارد بۆ ماڵی ئێمە وەکو نەریتێك ئەم باســەیان لای دایکم کردەوە و دایکیشم پێی گوتبــوون با ئێوارە باوك و براکانی بگەڕێنەوە مەوزوعەکەیان لا باس دەکەم و رای ئەوان وەردەگرم، دایکم باســەکەی لای مــن کردەوە کە ئەو ماڵە بۆ داوام هاتــوون من رای خۆم بە دایکم گوت، ئــەو رۆژە دڵم زۆر خۆش بوو لەگەڵ ئەوەشــدا جار ناجار ترسێك لە نێو خەیاڵما هاتووچۆی دەکرد، ئێوارە باوکم و براکانم لە کارەکانی خۆیان گەڕانەوە و منیش بە درێژایی ئەو شــەوە هەر لە بیرکردنەوە بووم، تا بەیانی خەو لە چاوەکانم تۆرا و ترســێکی زۆرم هەبوو لەوەی کە باوکم و براکانم بزانن پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوان من و (ســامان)دا هەیە داواکەیان رەت بکەنەوە، زۆرجاریش بڕوام بە خۆم دەهێنا، کە بە خۆزگە و ئاواتەکانم دەگەم، بەڵام هەندێ جاریش پێچەوانە دەگەڕامەوە سەرترسەکەی ناخم ، بەیانی زوو خۆم گەیاندە دایکم کە بزانم بۆ ئەو مەوزوعە قســەی لەگەڵ باوکم و براکانمدا کردووە، دایکــم پێی راگەیاندم، کە ئەوان هیچ وەڵامیان نەبووە، ئەوەشــم نەزانی بوو کەوا باوکم و براکانم زۆر لە مێژە چارەنووسی منیان دیاریکردووە بێ ئاگاداری من پیاوێکی برادەری باوکم بۆ کوڕەکەی داوای کردبووم و باوکیشــم بەخۆشحاڵییەوە بە داواکەی رازی بوو، بێ ئەوەی رای من بزانێت، کە گوایە زۆر دەمێکە باوکم ناسیاوەتی لەگەڵیان هەبووە، هەر چەندە من بەم شــووکردنە ناڕازی بووم، بەڵام ئەوان ســووربوون لەسەری و باوکم بەسەرمەوە قیژاندی و گوتی: تۆ بەرژەوەندی خۆت نازانی براکانیشم لەلایەکی دیکەوە هەڕەشــەیان لێکردم کە دەبێ هەر شووبەم کوڕە بکەم، تەنانەت هەڕەشــەی ئەوەشیان لێکردم ئەگەر مێرد بەم کوڕە نەکەم ئەوە دوور نییە ئەزیەتی (ســامان) بدەن، بۆیە بە چاوێکی پڕ فرمێسك و دڵێکی ناخۆش لە ژێر فشار و هەڕەشەدا رازی بوونی خۆم نیشاندا، بەڵام لە ناخمدا بۆ کەســێك دەسووتام کەوا وەکو دار رەگ و ریشەی لە دڵمدا کووتابوو، وەکو مۆم بۆ یەکتری دەســووتاین و خۆشەویســت و میوانی هەمیشەی دڵی من بوو، بەڵام ئاخ بۆ منی بێ توانا و بێ دەسەڵات کە لە ئاستی بێ ویژدانی باوك و برا نەمدەزانی هاوار بۆ کێ بەرم و چی بکەم و چی بڵێم، نەمدەزانی چۆن ئەم هەواڵە ناخۆشە بگەیەنمە خۆشەویسترین کەسم؟ لەوە دەترسام نەوەکو تووشی شتێك بێت، بەناچاری دەستمدایە موبایلەکەم و بە هەناسەیەکی پڕ لە غەم و بە دەنگێکی پڕ لە گریانەوە پێم گوت: خۆشەویســتەکەم ببورە بڕوام وابوو هیچ هێزێك ناتوانێ لە یەکتریمان بکات و لە هێزی خۆشەویســتی و ئەوینداری من و تۆ بەهێزتر بێت، بەڵام وا دیارە موڵك و سامانی دنیا و بێ ویژدانی مرۆڤەکان لە عەشق و خۆشەویستی بەهێزترن و، دەتوانن چارەنووسی من بە کەســێکەوە ببەستنەوە کەوا لە خەیاڵیشمدا بیرم لێ نەکردبۆوە، هەموو باسەکەم بۆ گێڕایەوە (سامان) شــۆك گرتبووی هیچی پێنەدەگوترا، تەنیا گریانێك لــە قورگێکی گیراو دەهاتــە دەرەوە و، ناچار نەمتوانی بەرگەی ئــەم خەمە بگرم موبایلەکەم داخســت و لە هۆش خۆم چــووم و ئاگام لە خــۆم نەما، تا دەهات رۆژی زەماوەند و مەڕاســیمی رۆژی گواســتنەوەم نزیك دەبــووەوە نەمدەزانی چیان بۆ کردووم، ئاڵتوون و زێڕ هیچیان بەلامەوە گرنگ نەبوو، چونکە هەمووم رەتکردبووەوە تەنیا بۆ جارێکیش بێت نەچووم بۆ بازاڕ هەر چەندە هەڕەشە و گوشاریشم لەسەربوو، دوایی زەماوەند سازدرا چوومە نێو ژیانی هاوســەرگیری لەگەڵ کەسێکدا کەوا لە ژیانمدا بیرم لێ نەکردبۆوە، بەڵام چ هاوسەرگیرییەك هەر لە دووەم رۆژەوە کێشە و گرفت لە نێوانمان دەستی پێکرد رووبەڕووی کەسێکی ئەنانی ئیهمال بوومەوە کە هیچ هەستی بە بەرپرســیارییەتی نەدەکرد و زۆربەی کاتەکانی بە تەماشاکردنی ســەتەلایت، یاخود لەگەڵ برادەرەکانی لە دەرەوە دەبردە سەر، دەهاتوو دەچوو هیچ حســابێکی بۆمن نەدەکرد نەیدەزانی کەوا ژن و ماڵیشــی هەیە و بۆ هیچ شــوێنێك لەگەڵم نەدەهات، هەستمکرد من هیچ نرخێکم لای ئەو کوڕە نییە و ئەو بە ناچاری لەگەڵمدا دەژی تەنیا ئەو کەســە نرخم دەزانێت کەوا خۆشــمی دەوێت و هەتا مردن خۆشەویســتمە، بۆیە دوای هەفتەیەك داوای جیابوونەوە (تەڵاق)م کرد و بەرە و دادگای باری کەسی کەوتینەڕێ، دوایی بۆم دەرکەوت کە ئەویش لە ژێر فشاری باوکی بەم ژنهێنانە رازی بووە و لە راستیدا دڵی بە کچێکی دیکەوە بووە و ئەویش خۆشەویستی هەبووە.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە رێز و خۆشەویستی و یەکتر ناسین لێك تێگەیشتن چەنــدە گرنگە بۆ پتەوکردنی پرۆســەی هاوســەرگیری، کاتێك ئەم چەند فاکتەرە کز و لاواز بوون بە دڵنیاییەوە پرۆسەی هاوسەرگیری بەرەو تێکچوون و جیابوونەوە دەڕوات، دیارە لە ژیانی ئەمڕۆشماندا ئەگەر فاکتەرێك هەبێت بۆ پتەوکردنی ئەم پرۆسەیە ئەوە چەندین فاکتەر هەن بۆ جیابوونەوەیان، یەك لەم فاکتەرانە بە زۆر بە شــوودانی کچانە لە ژێر فشــار هەڕەشەو چاو لێ ســورکردنەوەی باوك و برا، ئێمە ناڵێین ئەم فشــار خستنە سەرە تەنیا کچان دەگرێتەوە بەڵکو زۆر لە کوڕانیش لە ژێر ئەم فشــار و هەڕەشــەیەی کەوا لەلایەن خانەوادەکەیان دەیان خرێتە سەر بە ناچاری و بەبێ رەزامەندی خۆیان ژیانی هاوســەرێتی لەگەڵ کچێك پێك دەهێنن، کە بە خۆشیان رەزامەندییان لەسەر نییە.

هەڵبەتە لێرەدا ناکۆکی و کێشە و گرفت لە نێوانیان سەرهەڵدەدات و ناتوانن بە هیچ شێوەیەك ژیانێکی بەختەوەر لە ژێر ساباتی هاوسەرگیری پێك بهێنین، بۆیــە دەرەنجام جیابوونەوە، واتە تەڵاق دواچارەســەر و چاکترین رێگە چارە دەبێت بۆ هەردووکیان.

**بۆم دەرکەوت ئەویش لە ژێر گوشاری باوکی بەو ژن هێنانە رازی بووە، لە راستیدا دڵی بە کچێکی دیکەوە بووە و خۆشی ویستووە**

**نەمزانی بە چ شێوەیەک ئەم هەواڵە ناخۆشە بگەیەنمە (سامان) ، زۆر دەترسام تووشی حاڵەتێکی دەروونی نالەبار ببێ**

ئا: خەندە گۆران

**(ئەندریۆ گلێن شابین) ماستەری لە بواری مێژوو لە زانكۆی كالیفۆرنیا لە ئەمریكا بەدەست هێناوە و شارەزاییەكی زۆر و چەند لێكۆڵینەوەیەكی لەسەر گەنجانی ئەمریكا هەیە و بە حوكمی ئەوەی بۆ ماوەی چەند ساڵێكیش لە كوردستان ژیاوە شارەزاییەكی باشی لەسەر گەنجانی كوردستان و بەتایبەتی چینی قوتابیان پەیدا كردووە. ئەندریۆ لە زانكۆكانی كالیفۆرنیا و زانكۆی شانغی لە چین و زانكۆی ووسۆنگ لە كۆریای باشور و زانكۆی ئەمریكی لە ئەفغانستان و چەندین زانكۆی تر وانەی وتۆتەوە. گوڵان لە گفتوگۆیەكدا پرسی گەنجانی رۆژهەڵات بەگشتی و كوردستان بەتایبەتی لەگەڵ بەڕێزیان تاوتوێ كرد.**



### ئەندریۆ شابین
### مامۆستا لە زانكۆی كالیفۆرنیا:

# پێویستە گەنجان خۆیان پۆست و پلەوپایە بەدەست بێنن نەک پێیان بدرێت

**بەیاساییكردنی رێژەی گەنجان لە حكومەتدا شتێكی باش نییە**

*** لە رۆژهەڵاتدا و لە كوردستان بە تایبەتی باس لە هەبونی كێشە و گرفتێك دەكرێ بە ناوی قەیرانی گەنجان، بە رای ئێوە لە چ حاڵەتێكدا دەكرێ باس لە كێشە و قەیرانێك بكرێت، یان سیما و خەسڵەتەكانی هەر گرفت و قەیرانێك چین؟**

- سەبارەت بە گەنجان لە كوردستان، بە رای من پێویستە حكومەت یان دەسەڵات هەل بۆ گەنجان بڕەخسێنێت، وەكو هەلی كار، هەلی پەروەردە و كردنەوەی كۆلێژی زیاتر بۆ گەنجان تا بتوانن پەرە بە تواناكانیان بدەن لە بواری كار و بازرگانی. هەروەها رەخساندنی هەل لەسەر ئاستی قوتابخانە ئامادەییەكان و گرنگی دان بە پرۆگرامە وەرزشییەكان. كوردستان وڵاتێكی تازە پێگەیشتووە. پێداویستییە خۆراكییەكان بۆ خەڵك دەسەبەرەو و خەڵك خاوەن خانوو و ماڵن، لە راستییدا گەنجان خاوەن ماڵ و شەقامی ئارامن و تاوانكاري و بەرادەی بەربڵاو بوونی نییە. كە دێینە سەر گەنجان من بە حوكمی ئەوەی رۆژانە لە ناو چینی گەنج دام و زۆربەی كاتم لەگەڵ گەنجان دەبەمە سەر بە راستی ئەم بارودۆخە هەڵێك بۆ گەنجان و رەخسێنراوە. رەنگە لە پرسیارەكەت دوور بكەومەوە، من خەڵكی ئەمەریكام، ئەمەریكا لە ماوەی جیلی مندا دەوڵەمەند بووە، ئێمە خاوەنی پارەیەكی زۆرین، بە درێژایی ژیانمدا هەلم بۆ رەخساوە، فێربووم چۆن مۆسیقا بژەنم، وەرزش بكەم، چووم بۆ كۆلێژ، چووم بۆ زانكۆ، كەواتە بە هەبوونی هەموو ئەو هەلانە وەك پاوێكی گەنج توانیم جیهان ببینم، ئێستاش كە وەك پەروەردەكارێك كار دەكەم ئەنجامی ئەو هەل و بوارانەیە كە لە ئەمریكا خراوەتە بەر دەستم. هیواشم ئەوەیە ئێرە وەك ئەمریكاي لێ بی و ئەو هەل و بوارانە بە گەنجان بدرێت.

*** لە كوردستاندا كێشەیەك هەیە ئەویش كێشەی (خۆ دووبارە كردنەوەی نەوەكانە) واتە جیاوازیەكی ئەوتۆ لە نێوان جیلی هەشتاكان لەگەڵ حەفتاكان نییە یان نەوەی نەوەدەكان هەمان نەوەی هەشتاكانە، هۆكاری ئەو لێكچوونە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟ چۆن دەتوانین ئەو دووبارەبوونەوە و لێكچوونە نەهێڵین؟**

-ئەوەی تۆ مەبەستتە جۆری بیركردنەوەی ئەو كەسانەیە، من پێم وانییە لێرە شتێكی وەها لە ئارادا بێت. پێم وایە ئەمڕۆ گەنجاني كوردستان تەواو جیاواز لە باوك و دایكیان بیر دەكەنەوە، من نازانم تا چ ئاستێك بەڵام ئەو كەسانەی من كاریان لەگەڵ دەكەم و ئەو گەنجانەی لە كۆلێژ دەیانبینم دەزانم كە وەك دایك و باوكیان بیر ناكەنەوە. من گۆڕان دەبینم. بە پێچەوانەوە من پێم وایە جۆری بیركردنەوەی ئەم جیلانە لە گۆڕاندایە و هۆكاری ئەو گۆڕانەش بریتیە لە كاریگەری دەرەكی، میدیا و تەكنەلۆژیا و هاتنی بێگانە و بازرگانان و پەیوەندی لەگەڵ كۆمپانیا بیانیەكان. گەنجی ئێستا

**پێویستە حکومەت هەلی کار، بازرگانی، خوێندن و پەروەردە بۆ گەنجان بسازێنێ**

**ئەرکی حکومەتە هەستی ئینتیما لای گەنجان بەهێز بکات**

**نەوەی ئێستای کوردی لە گۆڕاندایە، میدیا و تەکنەلۆژیا و کۆمپانیا بیانییەکان ڕۆڵیان لەو گۆڕانە هەیە**


پێویستی بەوەیە فێری چەند زمانێك ببێت، واتە گۆڕان بوونی هەیە. ڕەنگە ئەگەر بچیت بۆ گوندەکان بڵێیت گۆڕان نییە و نەوەکان وەك خۆیانن بەڵام لە شارە گەورەکانی وەك هەولێر وەڵامی من نەخێرە واتە نەوەکان وەك یەك نین و خۆیان دووبارە ناکەنەوە. بۆچوونی من زیاتر لەمەڕ گەنجانی کۆلێژەکانە ڕەنگە بەشەکانی تری کۆمەڵگا جۆرێکی تر بن بەڵام من زانیاریم لەسەریان نییە، بۆ گۆڕینی ئەو بەشەی تریش پێویست بە پەروەردەی زیاتر و هەلی زیاتر دەکات.

*** کەواتە بە رای تۆ سیستەمی پەروەردە و فێرکردن هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا دەگاتە زانکۆ و خوێندنی باڵا دەتوانن بە چ شێوەیەك ڕۆڵ لە ژیانی کۆمەڵگە بە گشتی و تاك بە تایبەتی بگێڕن؟**

- ئاشکرایە سستەمی خوێندن و پەروەردەی هەر وڵاتێك بۆ ئامادەکردنی چینی گەنجانە، بۆ ئەوەی پێگەیشتوو بن، بۆ ئەوەی بە تەواوی ئەرکی خۆیان لەو بارودۆخە میانڕەوەی هەیە جێبەجێ بکەن. کوردستان زۆر بە خێرایی گەشە دەکات، دەرگاکەت بکەرەوە و دەبینیت لە هەموو شوێنێکی ئەو شارەدا بنیادنانەوە و پڕۆژە هەیە. یەکەم بەرپرسیار سیستەمی پەروەردەش بریتیە لە ئامادەکردنی قوتابییان و گەنجان لە پێناوی ئەمە و پەیوەندی کوردستان و دەرەوە. ئەمە خاڵی یەکەمە. ڕاهێنان بەو خەڵکە بکەیت، کاریان پێ بدەیت بۆ ئەوەی ژیانێکی تەندروست و بە خۆشی ببەنە سەر و بەرهەمهێنەر بن.

**ڕێژەیەکی زۆر لە گەنجانی کورد ڕووە و ڕۆژئاوا کۆچیان کردووە، ئێستاش ڕەوکردن هەر بەردەوامە، ئایا ئەوە چ کاریگەریەکی نێگەتیڤ لەسەر کۆمەڵگا دروست دەکات؟ لە هەمان کاتدا کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا تا چ ئاستێك گەنجانی ڕۆژهەڵاتی قەبووڵە؟**

ئێمە بەرنامەیەکی رادیۆیان لەسەر ئەم بابەتە کرد کە بۆچی گەنجان کۆچ دەکەن و پاش کۆچکردنیش چییان بەسەر دێت. ئەوەی گەنجان دەیڵێن ئەوەیە کە لێرە هەلیان بۆ نەڕەخساوە و کێشەیان لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی هەیە و چەندین دیاردە هەیە وەك دیاردەی واستە و خزم خزمێنە. ئەوان پێیان وایە کوردستان لەودیو دەرگایەکدایە و ئەگەر ئەوان لەناو ئەو کۆمەڵگایە بمێننەوە ئەوا بەرهەمهێنەر و خۆشبەخت نابن. بۆیە دەچن بۆ دەرەوە تاکو ئەو هەل و بوارانە ببینن، ئەمە ئەو شتانەیە کە گەنجان بڕوایان پێ هەیە، لێرەدا لە بەرامبەر ئەو حاڵەتەدا ئەوان کۆچ دەکەن. ئەوەی ئەوان دەیکەن ئەوەیە خۆیان دەخەنە ژێرەوەی کۆمەڵگایەکی تر و لە سەرەتاوە دەست پێدەکەنەوە. ڕەنگە لێرەدا خاوەن بڕوانامەی زانکۆ بێت بەڵام لەوێ دەچێت دەبێتە کارمەندی بەنزیخانە، ئەوە دەبێتە کاریان کە نزمترین کاری ناو کۆمەڵگایە. لێرەدا ئەو گەنجانە چەندین شتی خۆیان دەخەنە بەر مەترسیەوە، خێزانەکانیان جێدەهێڵن، وڵاتەکەیان جێدەهێڵن، دەچن بۆ وڵاتێکی تر و بۆ نزمترین ئاست. بۆیە دەڵێم بەڕاستی ئەمە کێشەیە، لەمە گرنگتر ئەوەیە ئەو گەنجانەی دەچن بۆ ڕۆژئاوا کێن؟ هەیە لە ئاستی بەرزی کۆمەڵگایە، هەیە لە چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگایە، هەروەها قوتابییمان هەیە کە خاوەن بڕوانامەی زانکۆن، زۆربەیان



بەهرەمەندن، ئەمەش زیان بە کوردستان دەگەیەنێت. ئەمەش پێی دەڵێن کۆچی عەقڵەکان. کوردستان پارەی پەروەردە کردنیان دەدات و ئەو خەڵکەش ئەزموون و کار فێر دەبن و وڵات جێدەهێڵن. لەم حاڵەتەدا کوردستان زەرەرمەند دەبێت. من لە سەرەتادا کە هاتم بۆ کوردستان لە زانکۆی کوردستان دامەزرام، باسێکم لەگەڵ سەرۆکی زانکۆی پێشوو کردەوە دەربارەی ئەم بابەتە، ئەو کاتە ئێمە خەریکی پرۆسەیەك بووین بۆ بەستنەوەی زانکۆی کوردستان بە زانکۆکانی بەریتانیا کە پێیدەڵێن پرۆسەی بە متمانە بوون، واتە ئەو قوتابیانەی لێرە دەخوێنن دەتوانن بچن لە لەندەن بەردەوامی بە خوێندنەکەیان بدەن، و ئەگەر ئەوان بەو بڕوانامەی ئێمە بتوانن بچن بۆ لەندەن و بە هۆیەوە کاریان دەست کەوێت، ئەوا لێرەدا کێشە دروست دەبێت؟ من بە سەرۆکی زانکۆم گوت ئەو پرۆسەی بە متمانە کردنی زانکۆکە شتێکی باش نییە، چونکە دووبارە حکومەت ئەو مەسروفە دەکات و مامۆستایانی بیانی بە ئەزموون دەهێنێت و کاریان پێ دەکات، دواتریش قوتابیان دەچن یارمەتی بەریتانیا دەدەن یان دەچن بۆ ئەمەریکا. لە لایەنی کۆمەڵاتییەوە کوردستان ئەمانە لەدەست دەدات. بەڕاستی ئەمە پرسێکی گرنگە.

*** لە ڕۆژهەڵاتدا بە گشتی گەنجان ناڕازی و توڕەن لە دەسەڵات، یان ئەوان سەرکردایەتی جۆرە بزاڤێکی وا دەکەن، بە رای ئێوە ئەو حاڵەتە چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ ڕۆژئاوا ئایا لە ئەورووپاش گەنجان هەمان حاڵەتیان هەیە؟**

- ناڕەزایی بوونی گەنجان کۆنترین شتە کە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا بوونی هەیە و ئەمەش لەبەر ئەوەی گەنجن بۆیە ناڕەزایی بەرامبەر حکومەت دەردەبڕن. هیچ نائاسایی نییە کە گەنجان لە کوردستان دا پێیان وایە دەبێت حکومەت گۆڕانکاری بە خۆیەوە ببینێت. ئەمە بەشێکە لە ژیانی گەنج، بەشێکە لەوەی کە گەنج دەیەوێت جیهانی خۆی بگۆڕێت. بەڵام مەسەلەی ئەوەی کە تا چەند گرنگە من پێم وایە دەبێت کۆمەڵگایەکی تەندروستت هەبێت، پێویستە گۆڕانکاری و پێشکەوتن ڕووبدات، وەك ئەوەی تۆ وتت خۆدووبارە کردنەوەی نەوەکان. لە سەردەمی جیلی مندا ئەمە ڕووی نەداوە، نەوەی من زۆر ناڕازی نەبوون، ئێمە تەنیا دەمانەوێت



پارە بەدەست بهێنین. بەڵام جیلی دایك و باوکم لە ساڵانی ١٩٦٠ زۆر پرۆتستۆیان دەکرد و گۆڕانکاری زۆریان لە ئەمریکا دروست کرد. وەك مەسەلەکانی مافی مرۆڤ و وەستاندنی جەنگی ڤێتنام و داواکردنی پەروەردەی باشتر لە حکومەت و چەندین شتی تر. جیلی ئەوان بەم شێوەیە بوو، بەڵام جیلی ئێمە وا نەبوو. رەنگە نەوەی من و ئەوانی تر وا نەبن. بەڵام ئەگەر کێشەگەلێك هەبن و کێشەکان راستەقینە بن، ئەوا شتێکی سروشتیە گەنجان حکومەت پرۆتستۆ بکەن و گۆڕانکاری بهێننە کایەوە.

*** کێشەیەکی سەرەکی گەنجی ئێمە سستی و لاوازی هەستی ئینتیمایە بەرامبەر خاك و نیشتمان و پرسە چارەنووسسازەکان، بە رای تۆ چۆن دەتوانین ئەو هەستە برەو پێبدەین و بەهێزی بکەین؟**

- دووبارە من زانیاریەکی سنووردارم هەیە، من لە زانکۆکان کارم کردووە، قوتابیەکی زۆر دەناسم و زۆربەیان لە تەمەنی نێوان ١٩ ساڵ تا ٢٥ساڵی دان و بە باشی دەیانناسم. دەزانم چۆن بیردەکەنەوە. ئێستاش تۆ پێم دەڵێیت گەنجان وا نین، منیش دەڵێن ئەو خەڵکەی کە من لە زانکۆ دەیانناسم خەڵکی خاوەن ئینتیمان. تا چ ئاستێك؟ دەتوانم بڵێم زیاترە لەوەی لە ئەمریکا هەیە، زۆربەی گەنجە ئەمریکیەکان تێکەڵی سیاسەت نین و حەزی پێناکەن ، مەسەلەی ئەوەی چۆن وا بکرێت گەنجان ئینتیمایان زیاد بکات، ئاشکرایە یان پارتە سیاسییەکان ئەم کارە دەکەن یان تەلەڤزیۆنە حکومیەکان کاری راگەیاندن و هەڵمەتی هۆشیاکردنەوەی بۆ دەکەن، واتە بەرپرسیاریەتی حکومەتە وا بکات گەنجان تێکەڵی ئەو پرسە چارەنووسسازانە بکات. بەڵام ئەوەی من تێگەیشتبم ئەوەیە کە مەسەلەکە زیاتر پەیوەستە بە پارتە سیاسیەکانەوە، چونکە زۆرجار کاتێك خەڵك لەگەڵ پارتێکی سیاسین دەڵێن با پارتەکە خۆی مامەڵە لەگەڵ پرسەکەدا بکات .

**لە زۆرینەی وڵاتانی رۆژهەڵاتدا حزبە سیاسییەکان هەوڵ دەدەن لە رێگەی رێکخراوەکانی لاوان و قوتابیانەوە لاوان بۆ خۆیان کۆنترۆڵ بکەن، ئایا ئەمەش هۆکارێك نییە بۆ قووڵکردنەوەی زیاتری قەیرانی گەنجان؟**

لە ئەمەریکاش بۆ نموونە پارتە سیاسییەکان و کۆماری و دیموکراتی ) ئەو کارە دەکەن، بەڵام ئایا ئەمە بۆ پرسی دیموکراسی تەندروستە؟ بەڵێ پێم وایە ئاساییە. خۆی ئێمە دەبێت بزانین کە بوونی پارتی سیاسی بۆ ئەوەیە تا دەنگ بەدەست بهێنێت، ئەمەش لە رێگای هەڵمەت و رێکلام کردنە بۆ خۆی. بێ گومان کاتێك تۆش دەنگی پێدەدەیت ئەویش دەبێت لە بەرامبەردا شتێك بدات، رێکخراوی گەنجانەیش بە بێ بوونی یارمەتی ئەو پارتانە دروست نابێ وەك مەسەلەی هێلکە و مریشك وایە، هەردوولا پێویستیان بە یەکتر هەیە. من بۆ ماوەی دوو ساڵ لە چین ژیاوم، زانیاریم دەربارەی پارتی کۆمەنیست هەیە کە چۆن کار دەکات. لەوێ تەنها یەك پارت هەیە نەك دوو. بە هەمان شێوە دەیانەوێت پاڵپشتی تۆ وەربگرن. بۆیە بە بڕوای من ئەمە شتێکی خراپ نییە. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەبێت حکومەت خۆی راستەوخۆ پارەی ئەو پرۆگرامانە دابین بکات، هەروەها یاسا دەربکات کە نابێت پارتە سیاسیەکان کۆنترۆڵی بکەن، بۆ نەهێشتنی ئەوەی تۆ دەیڵێیت دەبێت یاسا هەبێت کە کاتێك تۆ بۆ رێکخراوەکەت پارە لە حکومەت وەردەگریت، بەڵام دەبێت هەموو پارتە سیاسیەکان لە دەرەوەی ئەم رێکخراوەدا بن. ئێمە ئەو جۆرە یاسایەمان لە ئەمریکا هەیە، ئەگەر حکومەتی فیدراڵی پارە بۆ هەر شتێك دابین بکات، هیچ پارتێکی سیاسی ناتوانێت کۆنترۆڵی بەسەردا هەبێت.

*** لە کوردستاندا لە رێگەی هەمووارکردنی یاساوە هەوڵدەدرێت گۆڕانکاری لە ژیانی گەنجان دروست بکرێت هەر بۆ نموونە چەند رۆژێك پێش ئێستا پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی نوێی دەرکرد کە گەنجان لە تەمەنی (٢٥)ساڵیەوە دەتوانن نوێنەرایەتی خەڵك لە پەرلەمان بکەن، سەرنجت دەربارەی ئەمە چییە؟**

من پرسیار دەکەم، من تەمەن ٢٥ ساڵەکان دەناسم و شارەزاییم دەربارەیان هەیە، ئایا دەتەوێت وڵاتێك لە لایەن ٢٥ ساڵیەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێت؟ ئایا ئەمە بۆچوونێکی تەواوە؟ ئایا گەنجێکی تەمەن ٢٥ ساڵان خاوەن ئەو زیرەکی و ئەزموونەیە کە پۆستێکی وەها گرنگی حکومەت وەربگرێت؟ بەڵێ هەندێ گەنج دەتوانن ئەو کارە بکەن، بەڵام بە یاساکردنی ئەوەی کە دەبێت ئەوەندە گەنج لە حکومەتدا بێت، من ئەمەم پێ شتێکی باش نییە. من هیچ کێشەم لەگەڵ گەنج نییە، بۆ نموونە لە ئەمریکا جاربەجار گەنج دەگەن بە کۆنگرێس و شوێنەکانی تر. ئەو کەسانە خاوەن زیرەکی و ئەزموونی زۆرن، بەڵام دانیشیت و بڵێیت دەبێت گەنجانی ٢٥ ساڵە بخرێنە ناو حکومەتەوە، ئایدیایەکی باش نییە، لە سیاسەتدا پرۆسەیەك هەیە پێی دەڵێن هەڵبژاردن، ئەگەر سیستەمە سیاسیەکەش تەندروست بێت و دیموکراسی بێت، ئەوا زیرەکترین کەسەکان دەگەنە ئاستی حکومەت و ئەو پێگەیەی کە نوێنەرایەتی هاووڵاتیان بکەن. خەڵکیش بۆ نوێنەرایەتی کردنیان زیرەکترین و باشترین ئەو کەسانە هەڵدەبژێرن، لەم حاڵەتەشدا کە تۆ دادەنیشیت و دەسنیشانی ئەو کورسیانە دەکەیت، بە رای من نادیموکراسیە. ئەو کەسانەی گەندەڵن و باش نین بە تێپەڕبوونی کات بە پاش دەکەون. من ناڵێم گەنجی ٢٥ ساڵە ناتوانێت ئەو پۆستە وەربگرێت، بەڵام پێویستە ئەو پۆست و پێگەیە بەدەست بهێنن نەك پێیان بدرێت. پێویستە لە رێگەی پرۆسەی سیاسیەوە بەدەستی بهێنن.

●●●
**دەبێ سستەمی خوێندن و پەروەردەی هەر وڵاتێك بۆ خزمەتی نەوەی نوێ و پێگەیاندنی گەنجان بێ**
●●●

●●●
**ئەو گەنجەی کۆچ دەکات خۆی دەخاتە ژێرەوەی کۆمەڵگەیەکی ترو لەسەرەتاوە دەست پێدەکات**
●●●

●●●
**ناڕەزایی و تووڕەبوونی گەنجان شتێکی کۆنە و لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا هەیە دیارە ئەوان داوای گۆڕان و شتی باشتر دەکەن**
●●●